# زۆرینەی بەرپرسە عێراقیەکان بە گەندەڵی تۆمەتبار دەکرێن



لەهەفتەی رابردوو سەرچاوەکانی هەواڵ لەزاری دەستەی پاکراگرتنی عێراقییەوە بڵاویانکردەوە کە بەتۆمەتی گەندەڵبوون فەرمانی دەستگیرکردنی ٢٠ کۆنە وەزیرو ٢٠ جێگری وەزیرو ٧٠ بەڕێوەبەری گشتی دراوە.

لەکلاتێکدا خەڵکی عێراق لەنێو شەپۆلی گوللەو روباری خوێن و شەڕی نێوەخۆدا ژیان دەکەن، کەچی بەرپرسەکان بێباکانە خەریکی بازرگانی و خۆدەولەمەندکردن و گلدانەوەی سامانی نیشتیمانین. لەم پێوەندییەدا دەستەی پاکراگرتنی عێراقی داوای لەپۆلیسی نێودەولەتی (ئینتەرپول) کردووە کە بۆ رادەستکردنەوەی ئەو تۆمەتبارانەی کە ئێستا لەدەرەوەی عێراق دەژین هاوکاریان بکات، بەڵام پێناچێ هەنگاوی کردەیی بۆ رادەستکردنەوەی ئەو تۆمەبارانە بهاوێژرێ، چونکە راگرتنی ئەو تۆمەتبارانە لەبەردەم دادگەدا دەبێتە هۆی ئاشکراکردنی بەرپرسانی گەورەتر، بەمەش رەوشی سیاسی ئاڵۆزتر دەبێ.

حکومەتی عێراق و دەستەی پاکراگرتن لەبانگەشەکانی خۆیاندا باس لەگەندەڵ و گەندەڵچییەکان دەکەن،بەڵام ئەم گەندەڵییانەی کە ئێستا رۆژانە لەدامودەزگەکانی حکومەت ئەنجامدەدرێن، دەشاردرێنەوە. ئێستا مافیای نەوتی کە ئەندامانی باڵای حزبەکان رێبەرایەتییان دەکەن بۆ وەدەستهێنانی زیاترین سەرمایە پێشبڕکێ دەکەن، تەنانەت راپۆرتە نێودەوڵەتییەکانیش باس لە بەفیڕۆدانی دەیان ملیار دۆلار دەکەن کە لەلایەن هێزەکانی ناوەخۆوە ئەنجامدراون.

گەندەڵی بەتەنیا لەنێو حکومەتی بەغداد دانییە بەڵکو لەنێو حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا لەئاستێکی بەرزدایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی حزبە دەستەڵاتدارەکانی کوردستان کە حکومەت و پەرلەمانیان تاپۆ کردووە رێگە نادەن لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی سەرمامەی بەرپرسەکان هەبێ، تا ئێستالێپرسینەوە ئەنجام نەدراوە. تەنانەت حکومەتی هەرێم ئامادەنییە رێگەی شاندی دەستەی پاکراگرتنی عێراقی بدات کە بێنە شارەکانی کوردستان و لێکۆڵینەوە بکەن.

بەگوێرەی بریاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق دەبێ لیژنەی پاکراگرتن لەهەموو پارێزگاکاندا نووسینگە بکاتەوەو دەست بەلێکۆڵینەوە بکات، بەڵام تائێستا پارێزگاکانی کوردستان لەدەرەوەی ئەم بریارە راگیراون، ئەمەش گومانەکانی زۆرتر کردووە، یا ئەوەتا گەندەڵییەکان لەرادەبەدەرن و حکومەتی هەرێم نایەوێ سەرپۆشیان لەسەر لابچێ یا ئەوەتا دەیانەوێ درێژەی پێبدەن.

لەم پێوەندییەدا دەستەی پاکراگرتنی عێراقی چەندین جار بەفەرمی داوای لەسەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی کورستان کردووە تا رێگەی کردنەوەی نووسیگەکانیان پێبدرێ، ئەگەر لەهەفتەکانی داهاتوودا بەفەرمی و بەئەرێنی وەڵامیان نەدرێتەوە لەوانەیە لەدادگەدا سکالایان لەدژدا تۆماربکرێ.

بەگوێرەی زانیارییەکان پرۆسەی گەندەڵی و بەفیڕۆدانی سەرمایەی نیشتیمانی لەکەرتی نەوتدا بەملیاران دۆلار دەقەبلێندرێ، بۆ رێگرتن لە کارەکانی دەستەی پاکراگرتنی عێراقی هەڵمەتێکی بەرفراوان لەلایەن حزبە سیاسییەکانەوە دەست پێکراوە، لەلایەکەوە هەرەشەیان لێ دەکرێ و دەترسێندرێن،لەلایەکی دیکەشەوە هەوڵی کوشتن و رفاندنیان دەدرێ. تائێستا زیاتر لە ٣٠ کەس لەئەندامانی ئەو دەستەیە کوژران. چاودێران پێیانوایە ئەگەر دەستەی پاکراگرتنی عێراقی پێداگری زیاتر بکات دووچاری هەرەشەو کوشتن و رفاندنی زۆرتر دەبنەوە. لەکۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە لە وڵاتێکی پڕ گەندەڵچی وەکو عێراقدا هەڵهێنانەوەی هەنگاوی ئاساییکردنەوەی رەوشی هێمنایەتی ترسناکە، هەربۆیەش وێڕای پێشنیارکردنی چەندین بەرنامە هێشتا رەوشەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات. دەبێ چاوەڕوان بین تا داهاتوو چەندین بەرپرسی گەورەتریشمان بۆ ئاشکرا بکات کە گەندەڵیان درێژەپێداوەوپێشێلکرییان لەسەر سامانی نیشتمانی کردووە!.

# هەڕەشە مەکەن! باشتروایە خاوەنداریەتی کوردان بکەن

**ئامادەکردنی ڕۆژی گەل**

رێکخراوی لێکۆڵینەوەی رۆژهەڵاتی ناڤین و باڵکان (obev)، هەروەها گروپی سیاسەتی دەرەوەو پاراستنی وڵات (DSA) بەهاوبەشی راپۆرتێکیان لەژێرناوی: تورکیاو پێشکەوتنەکانی ئەم دواییانەی عێراق، ئامادەکردووە.

ئەم دوو رێکخراوە لە راپۆرتەکەیاندا بۆ کاربەدەستانی دەولەتی تورکیا پێشنیاریان، کردووە کە لەجیاتی ئەوەی دەولەتی تورکیا لەشکرکێشی بۆ دەرەوەی سنوور بکات، باشتروایە هێرشێکی بازرگانی دەستپێبکرێت. باشترین شتیش ئەوەیە کە تورکیا خاوەنداریەتی لە کورد بکات و دوژمنایەتی وەلابنێ.

لە راپۆرتەکەدا دیارکراوە کە مەرجەکانی ئەمڕۆ بۆ دەستێوەردانی سەربازی جگە لەزیان بۆ تورکیا شتێکی دیکەی بەدواوە نییە هەروەها لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەو زیانانە کراوە ئەگەر بێت و لەشکری تورکیا سنوور ببەزێنێ و دەستێوەردان لەوڵاتێکی دراوسێدا بکات، بەتایبەتیش زیانی گیانی و ئابووری و کە دەبێتە هۆکاری بۆ دواوە گێڕانەوەی تورکیا.

راپۆرتەکە دەوڵەتی تورکیای هۆشیار کردۆتەوەو کاریگەری ئەو دەستێوەردانەی ریزبەندی کردووە کە لەنێوان تورکیاو عێراق، تورکیاو وڵاتانی عەرەبی، تورکیاو ئەمریکا دێتە ئاراوە، بۆیە پێشنیارکراوە کە دەبێ تورکیا واز لە زمانی هەڕەشە بهێنێ و گرنگی تایبەت بە هەرێمی کوردستان بدات.

راپۆرتەکە پێشنیاری کردووە کە دەبێ پێوەندی ئابووری و بازرگانی، لەگەڵ هەرێمی کوردستان خۆشتر بکرێ، بۆ ئەم مەبەستەش هانی کۆمپانیا ئەهلی و دەوڵەتی بدرێ تا پێوەندی ئابووری و بازرگانی قوڵتر بکەنەوە. دەبێ تورکیا چیتر هەڕەشە لە کورد نەکات، پێویستە باوەڕو متمانە بگێڕێتەوە و بۆخۆی خاوەنداریەتی لەکورد بکات.

لە کۆتایی راپۆرتەکەدا پێشنیار بۆ دەوڵەتی تورکیا کراوە، لەجیاتی ئەوەی بەرپرسەکانی تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی عێراقی کۆببنەوە، باشتروایە لەگەڵ سەرۆکی کوردستانی فیدراڵ و کاربەدەستانی دیکە دیدارو گفتوگۆ بکەن.

لەلایەکی ترەوە هەندێ لەچاودێرانی سیاسی نێوەخۆی تورکیا لەرێگەی جیاجیاوە پێشنیارەکانی خۆیان بۆ کاربەدەستانی تورکیا بەرزکردۆتەوە. بەگوێرەی هەواڵەکە هەندێک لەو چاودێرانە داوایان لەکاربەدەستانی تورکیا کردووە زمانی هەڕەشە کۆتا بکەن و زمانی لاواندنەوە بە کاربێنن، لەجیاتی ئەوەی پێ لەسەر مافی تورکمان دابگرن باشتروایە هەوڵبدەن کەرکوک و موسڵ بۆ سەر هەرێمی کوردستان بگێڕدرێنەوە.

لەچوارچێوەی هەمان رەوتدا رۆشنبیران و روناکبیرانی ناوداری تورکیا هەڵمەتێکی بەرفراوانیان بۆ بەئاگاهێنانەوەی کاربەدەستانی تورکیا دەستپێکردووە. هەندێک لەوان پێیانوایە کە بەرژەوەندی تورکیا لەوەدایە کە بازاڕی کوردستان لەرێگەی ناردنی کاڵاکانی خۆیەوە پاوان بکات چونکە هێرشی ئابووری و بازرگانی هەم کورد دڵنیا دەکاتەوە هەم سوودێکی گەورەش بە تورکیا دەگەیەنێ.

# پرۆسەی تامیکردن بە زەوی بەخشین درێژەی پێدەدرێ

**هاشم عەبدوڵڵا محێدین**

حکومەتێک ئەگەر لە کارە خزمەتگوزاریەکانی خۆی دڵنیا بێ و جیاکاری لەنێوان وڵاتیاندا نەکات، پێویستی بەوە نابێ کە پرۆسەی تامیکردن و دەستەمۆکردنی دیتران پێڕۆبکات، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر کەمتوانایی بەرپرسانی و لەبەر قوڵبوونەوەی گەندەڵیەکانی ناو دامودەزگاکانی، هەم درێژە بە هاوێرکای و جیاکاریەکان دەدات هەم لەسەر پرۆسەی تامیکردن و دەستەمۆکردنی نەیارانی خۆی شێلگیرتر دەبێ.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی پرۆسەی تامیکردن و بێدەنگکردنی نەیاران و رەخنەگرانی، چەکی زەوی بەخشینی بە باشترین شێوە دەکارکردووەو بەردەوامیش درێژەی پێدەدات. راستیەکەی وێڕای ئەوەی هیچ حکومەتێک بۆی نیە کە زەوی گشتی بۆ مەرامی تایبەتی دەکاربهێنێ و بەبێ بەرنامە زەوی بەسەر خەڵک و فەرمانبەرانی دەوڵەت دابەش بکات، کەچی حکومەتی هەرێم نەک هەر هیچ بەرنامەیەکی دیاریکراوی لە دابەشکردنی زەویدا نەبووەو نیە، بەڵکو ئەو زەویانەی کە موڵکی گشتین بە باشترین شێوە بۆ بەرژەوەندەکانی حزب بەکارهێناوە. تەنانەت سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مشاری زەوی بەخشینی بۆ برینەوەی و سافکردنی خواروخێچیەکان لە دەست خۆیدا هێشتۆتەوەو ئەو مافەی لە جێگرەکەی خۆیشی وەرگرتۆتەوە. کەواتە ئێستا هەموو ئەو زەویانەی کە بۆ مەرامی تایبەتی و لە پرۆسەی تامیکردن و دەمبەستندا تەخشان و پەخشان دەکرێن، بە واژۆی خودی سەرۆکی حکومەتەوە ئەنجام دەدرێن.

هەر لەسەرەتاوە دابەشکردن و بەخشینی زەوی بە مەبەستی هاوکاریکردنی ئەندام و لایەنگرانی حزب هەنگاوی بۆ هەڵگیرایەوە، بەوهۆیەشەوە هەزاران کەس لە ئەندامانی حزبەکان سوودمەند بوون، تەنانەت هەندێکیان بازرگانیشیان پێوەکرد، لەو پەنایەوە سەروەت و سامانی زۆریان کۆکردەوە. بەرپرسانی حکومەت نەک هەر نارەوایەتیان لە دابەشکردنی زەویدا کردووە، بەڵکو راستەوخۆ بازرگانیشیان پێوەکردووە. بۆ نموونە سەرمایەدارو دەوڵەمەندان کە دەیانویست کارگەو کۆمپانیا دابمەزرێنن، بەرپرسان کێشەی زەویان بۆ قوت دەکردنەوە، پێشمەرجیان بۆ دادەنان و ناچاریان دەکردن کە پشکی حزب و بەرپرسان لەو سەرمایەگوزاریەدا دیاری بکرێ. بەو هۆیەشەوە لەهیچ و خۆڕایی و بەبێ ماندووبوون پشکیان لە کارگە و کۆمپانیای دیتراندا بۆ دیاری دەکرا.

دوای ئەوەی بەشێکی زۆر لە بەرپرسان لە رێگەی ئەو زەویانەوە دەوڵەمەندبوون و گیرفانی خۆیان پڕ کرد، چەندین جار و بە چەندین ناوو لە چەندین شوێندا زەویان وەرگرت، زەویان بۆ پاسەوان و خزم و ناسیاوانی خۆشیان وەرگرت و پشکیان لێسەندن، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە بەسەر هونەرمەندان و نووسەرانی دوورە وڵاتیش دابەشی بکەن.

لە ماوەی رابردوودا گوێبیستی ئەوە بووین کە فلانە هونەرمەند لە فلانە شوێن ئەوەندە دۆنم زەوی یان ئەوەندە پارچە زەویەی وەرگرتووەو پێی دەوڵەمەندبووە، ئێستا نۆرەی ئەوە هاتووە ئەوانی دیکەش لاساییان بکەنەوە. لەم رۆژانە هەواڵێک بڵاوبۆوە کە گوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ٢٥٠٠ مەتر زەوی پێشکەش بە خاتوو لەیلا فەریقی کردووە،شوان پەروەر چەندین دۆنم زەوی لە پارێزگای سلێمانی وەرگرتووە، پەیوەند جاف سێ هەزار مەتر زەوی لە سلێمانی وەرگرتووە، ئێمەش دەڵێین پیرۆزیان بێ، بەڵام دەپرسین: ئایا بۆ حکومەتی هەرێم یان بۆ سەرۆکی حکومەت، یاخود بۆ ئەوانەی کە ئەو زەویانە دەبەخشنەوە باشتر نەبوو کە دەستیان بۆ موڵکی گشتی نەبردبایەو پرۆسەی تامیکردنی بە زەوی دەوڵەتیان درێژە پێنەدابایەو لە گیرفانی خۆیانەوە دیاریەکی هاوشێوەیان پێشکەش بەو هونەرمەندانە بکردبایە؟!.

ئێستا لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا، لە رووپەڕی زۆربەی بڵاوکراوەکانیشدا باس هەر باسی ئەو زەویانەیە کە وەک جەژنانە بەسەر هونەرمەندان و گۆرانیبێژان دابەش دەکرێن. هەواڵی وا بڵاودەبێتەوە کە هونەرمەند هەیە لە هەردوو ئیدارەکەی پێشوو زەوی وەرگرتووە، ئێستاش زەوی پێدراوەتەوە. هی وا هەیە بە دەست بەتاڵ لە هەندەرانەوە هاتۆتەوەو بە دەستی پڕ بۆ ئەوروپا گەڕاوەتەوە. هەندێک لە نووسەران دەپرسن: ئێمە دەزانین کە بەرپرسان لەسەر ئەو زەویانەی کە بۆ خۆیان گلیان داوەتەوە ڤێلاو کۆمپانیاو باغ و بەنزینخانەیان دروست کردووە، ئەی باشە هونەرمەندان چی لەسەر زەویەکانی خۆیان دروست دەکەن؟!

پێموایە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە راشکاوانە بە بەرپرسان بگوترێ: هۆپ، راوەستن و چیتر پرۆسەی تامیکردن بە زەوی گشتی درێژە پێمەدەن! چیتر بە بەخشینی زەوی دەوڵەت لاف و گەزاف لێمەدەن و لاگیری بۆ حزبەکانتان پەیدا مەکەن!! ئەگەر دەتانەوێ باروبووی خۆشەویستان و خزمانی خۆتان و هونەرمەندانی کوردستان بکەن، ئازا بن و لە سەرمایەکانی خۆتانەوە پێیان بدەن!! ئەگەر ئێوە هێندە دەستکراوە و دڵفراوانن، فەرموون لە دەریای سەرمایەکانتانەوە دڵۆپێ بەو کەسانە بدەن کە جێگەی سەرنجتانن!!